## ڕستەیەکی کورت بۆ لەیلا مۆریاسی. ... مەحموود حاجی عومەر

خانمەکەی (دارولپاراستن) مەدامەکەی (ڕێکخستن) . بابەتە کاڵ وکرچەکەتم خوێندەوە وەک هەموو شتە بێ ماناکانی ترتان! ئەم جارەیان ئەو فەلسەفەیەتم خوێندەوە (تاڵەبانی بۆتکریتی دەپارێتەوەو. . ). من نامەوێ وەڵامت بدەمە وئەمەش بە وەڵام لێمان تێمەگە!؟. دەزگای ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی و یەکێتی هەیە ئەوان با وەڵامت بدەنەوە. ئەگەرچی پێم وانیە هەر وەبیریشیان بکەوی!. من هەرتۆزێ باری سەرنجەدەدەم.

بەهەرحاڵ: من هێندە دەڵێم سەرەتا، ئەگەر چی سایتی پەیامنێر یش ئەو سنورە تێناپەڕێنێت کە تۆش تێیناپەڕێنی و هەمان گوێ لە مستن!. بەڵام خۆ سایتی پەیامنێریش وای نەنووسیوە کە تۆ ڕاوبۆچوون و تێگەیشتنی خۆت بە عەرەبی یە شەق و شرەکەی خۆت لە سەرداوە. بە تەئکید یان عەرەبی تێناگەی یان لە حەقد و کینە و دەردەدڵی خۆت کەسێ شک نابەی خۆڵت کردوەتە چاوی خۆت. سەراپای نووسینەکەت باری سەرنج هەڵدەگرێ. بەڵام من هەر هێندەی لەسەر دەنووسم.

1- وەک خۆت دەڵێی و هەواڵەکەت بە عەرەبی یەکەی نوسیوەتەوە، جا نازانم ئیترخۆت وپەیامنێر تا چەندیشتان دەست کاری کردبێت، دەقی هەواڵەکەو بڕیارەکەی تاڵبانی زۆر پێچەوانەی تێگەیشتنەکەی جەنابتانە. بۆ هەرکەسێ تۆزێ لە جەنابتان عەرەبی باشتر بزانی، تێدەگا لە مەبەستی تاڵەبانی. !

-- هەواڵەکە دەڵێ: سەرۆکی ئێراق بەڕێز جەلال تاڵەبانی داوادەکات کە بەرزان تکریتی لە زیندانەوە ببردرێت بۆ چارەسەری سرتان. وادیارە تکریتی داوایەکی لەوجۆرەی ئاراستەی تاڵبانی کردووە؟

بۆئەومەبەستە سەرۆکی ئێراق ئەورۆ یەکشەممە داوای لەسەرۆک وەزیران (جەعفەری) کردوە کاراسانی بۆ بەرزان تکریتی بکرێ لە زیندانەوە بۆ ناو نەخۆشخانە بەمەبەستی چارەسەرلە نەخۆشی سرتان. هەتا دووجار دووبارەی دەکاتەوە دەرکردنی لە زیندانە و (داخل) کردنی بەنەخۆشخانە.

هەمووکەس، چ دۆست و چ نەیاری تاڵەبانیش دەزانن ئەو فەرمانە- پێشنیار-داوا - (لاڵانەوەیە - پارانەوەیە، )

وەک تۆ ناوی لێدەنێیت!!! هەرچی تۆ پێت خۆشە باوابێت!؟ زۆر دوورە لەو مانایەی واتۆ تەفسیرت بۆ کردووە. . . جگە لەوەش لە میساقی دەولی و لە هەمووعالەمی کۆن ولە دونیای سەردەمیش کاری ئینسانی وئیلتیزاماتی ئەخلاقیدا ڕێگە دەدات هەڵس وکەوتی مرۆڤانە لە گەڵ هەموو ئینسانەکاندا بکرێ، بێ جیاوازی ڕەگەزو ئایین و. . . . . هتد، با دوژمنی زۆر فاشی و براکوژەتیش بێ. جا ئەگەر تاڵەبانی و ئێراقی نوێ وەک ڕابوردوو بێت، ئیتر فەرق جی دەبێ لە گەڵ بەعس و سەددام ودارودەستەکەی؟!!.

وادیارە تۆ لە زیندان و زیندانیانی (مەسیف ومحەتتە) دەڕوانیتە عالەم. ؟

2-لەیلا گیان وشەی (ئیخراج) بەمانای ئازاد -بەرەڵڵا- بەردان- دەستبەردار ناگەیەنێت، وەک تۆ لێی گەیشتوی! بەڵکومانای (ئیخراج) واتا دەرکردن. . بەڵام بۆ مانای بەرەڵڵاکردن- بەردان-واڵا کردن (ئیفراج) بەکاردێ. . . خۆ تالەبانی (ئیخراج ی وتووە نەك (ئیفراج) !!. جا گەرتاڵەبانی ئەوسلاحیاتەشی هەبێ چۆن ئەو حەقە بەخۆی دەدات؟ئەگەرچی خۆتیش ئەسڵی مەقسەد دەزانی!بەڵام هەرپێت خۆشە بارانی ڕق و بێویژدانی ببارێنی. چونکە کۆلکە نووسینەکانی ڕابردووی خانمی مۆریاسی شاهیدن!

3- تۆ چونکە پەروەردەی قوتابخانەیەکی پێویست ناکا بۆت تەعریف بکەم! هەردەبێ ئەوە بیروبۆچوونت بێ. ئەی نەتبیستووە (ئەوەی لە مشک بێت جەواڵ دڕە) ؟؟. خانم گیان تۆ لەخۆتانەوە دەڕوانی ئەی ئەوە نیە هەر دوێنێ کاک دکتۆر کەمالی سەید قادرتان وا سەرنگوم کرد دونیا لە دووی وێڵە، کەس نازانێ ئاخۆ ئێستا لە ژێر زەمینی کام لە زیندانە بەدناوەکانی مەسیف- محەتتە- ئاکرێ!شوێن بزرە؟.

پارتێک ئێوە دەم سپی و دەسەڵاتی چوارەمەکەی بن، هەروا دەبن کە دەبینی ڕۆژانە خەڵکی بوێرو بیری ئازادانەو دەنگی نوسەران چیتان پێدەکەن؟ ئێوەش دەڵێ ی مێشێک میوانتان نیە هەر لە دهۆڵ و زوڕنای خۆیان ناکەون. یەک هەفتەزیاترە هەرچی ئیعلامتان هەیە بەسەفەرەکەی کاک مەسعودەوە سەرقاڵتان کردووە. ئەوسەفەرەی کە جگە لە وەرگێڕەکەو دکتۆر بەرهەم، چوارچێوەی بنەماڵەی تێنەپەڕان! (باوک- کوڕ-برازا-مام-ئامۆزاو. . . . . . . هتد) .

4-خانمی مۆریاسی باز بەسەر ئەو هەمووتاوان ونەهامەتییە ڕەشانەی خۆی دەدات کە ڕۆژانە پارتەکەی خۆی بەسەر خەڵکیدا دێنێ. چونکە هیچ شك نابا، دەگەڕێتەوە بۆ 23ساڵی ڕابوردووی شەڕی نێوخۆی بەرەی جود کە حیزبەکەی خۆی داینەمۆی هەڵگیرساندنی بوو. . خانم وادەزانێ ئەودەم بەرەی جود تەنها گۆڵچی و دەسە ونەزەر بوون!!! هەروەها لە گەڵ بەرەی جود محامات یکیش بۆ ئیسلامیەکان دەکات.

ئە و ئیسلامی یانەی کە ناوکی تیرۆروتیرۆرستانی ئەمڕۆن!.

5-تۆ لە حەیا چوونێکی تری خۆت دا ئەبییە پارێزەری ئە و هەموو کۆنە جەیشە شەعبی وئتحادییەی کە بە دەستی پۆلایینی پێشمەرگە دەکوژران. وەکو ئەوەی ئەوانە لە خزمەتی بەعس دا نەبووبن. جامن بۆ ئەوەی تۆ مورتاح بی، منیش یەکێک بووم لەو پێشمەرگانەی کە لە ساڵانی هەشتاکاندا دەستم لە کوشتنی سەدان ڕەفیقە حزبی وەک جەنابت و دەیان جەیشە شەعبی وئتحادی هەبووە. !

6- تۆیەك هەندە بێویژدان بیت کارەساتی ڕەشی ئەنفال لە سونگەی مفاوەزەی ساڵی (83-84) ەوە دەڕوانی. لەکاتێکدا هەر دوای مفاوەزە هەزاران ڕەبیەوسەدان مۆڵگای بەعس بەدەستی پێشمەرگەی یەکێتیی خاپورکران. دەیان ناحیەو چەندین شارۆچکەوناوچەی جیا جیا ئازاد کران. دیارە باش چاوانت باش ئەو گورزانە نابینێت. !؟ ئەمە جگە لەوەی باش دەزانی ئەنفالسی و چوارساڵ پاشتر ڕویدا.

7-سەبارەت بەشەڕی 11ساڵەو نەگەڕانەوەی ئاوارە، (پارچەیەکیش لە خۆت دادڕە) عالەم دەزانێ حزبەکەی تۆش شامی شەریف نیە! خەڵک نەنوستووە تۆ لۆکە بخەیتە گوێ ی.

با لێرەدا بەسبێت، چی تر سەرت نەیەشێنم. هەر هێندە دەڵێم کەتێک دەپەڤی و دەڵێی (لا تقربوا صلات. . . . . بشنووسە وانتم سکارا) .

سوێد